پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان بۆ موتەڵع: پێکھێنانی لیژنەکانی پەرلەمان پەیوەست□ ب□ □ست□و□ی پ□کھێنانی حکومەتەوە

پەرلەمانتار مەنسوور بەعێجی،لە ھاوپەیمانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان، ئەمڕۆ یەکشەممە ڕایگەیاند، دا بەشکردنی لیژنەکانی پەرلەمان لە ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر بنەمای سیستمی پشکپشکێنەی سیاسییە، جەختیشی لەوە کردەوە کە پێکھێنانی ئەو لیژنانە بە ڕاگیراوی دەمێنێتەوە تاوەکو حکومەت بە تەواوی پێکدەھێنرێت.

بەعێجی لە لێدوانێکدا بۆ موتەڵع میدیا ڕوونیکردەوە کە "لە ئێستادا کارەکانی لیژنەکان وەستاون بەھۆی ھەڵنەبژاردنی سەرۆک کۆمار"، ڕوونیشیکردەوە "ناکۆکی بەردەوامی نێوان ھەردوو حزبە کوردیەکە لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار ھۆکاری سەرەکییە بۆ بەردەوامی دواکەوتنی سەرۆکایەتی کۆمار".

ئاماژەی بەوەشکرد، تا دوای ھەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و ڕاسپاردنی سەرۆک وەزیران بۆ پێکھێنانی حکومەت، لیژنەکانی پەرلەمان پێکناھێنرێن. دوابەدوای ئەمەش لیژنەکان دابەش دەکرێن و بەپێی ڕەچاوکردنی شایستە سیاسییەکان سەرۆکەکانیان ھەڵدەبژێرد□ن.

بەعێجی ئاماژەی بەوەدا، "ئەگەر لەم ھەفتەیەدا ھەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار دوابکەوێت، دەبێت پەرلەمان ڕێوشوێنی کاتی بگرێتەبەر، لەوانەش دیاریکردنی بەتەمەنترین ئەندامان بۆ سەرۆکایەتیکردنی لیژنەکان بەشێوەیەکی کاتی تا ئەو کاتەی کێشەی سەرۆکایەتی یەکلایی دەبێتەوە".

جەختیشی لەوە کردەوە کە "بەردەوامی دواکەوتنی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار کاریگەری نەرێنی لەسەر کارەکانی دەسەڵاتی یاسادانان هەیە"، ئاماژەی بەوەشدا کە ئەنجوومەنی نوێنەران لە ئێستادا ڕووبەڕووی حاڵەتی ئیفلیجی بووەتەوە.